# چیرۆکە ڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

## ژمارە۲۷ـ ۲۲ی پووشپەڕ ۲۷۱۸



۱۹۳۲: لە وەها ڕۆژێکدا، حوزنی موکریانی یەکەم ژمارەی گۆڤاری "زاری کرمانجی"ـی لە هەولێر دەرکرد.

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

خەدیجە جاوید
موحسین سوبحانی
ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی
شەرمین سالحی
بیژەن ڕەحمانی

**چیرۆکی میوان:**

عومەر کەریم بەرزنجی
ڕەووف جیهانی

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- ئەم ژمارەیەی چیرۆکەڵە پێشکەشە بە پێغەمبەری ئاشتی
- چیرۆکی کارگەیی
- چیرۆکی میوان


- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی


٢٢ی پووشپەڕ ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## «خواوەندی مرۆڤە باڵدارەکان»

دەنگی کولێر و فێنکی هەوا و ئەو تۆزە ڕووناکییەی ڕێڕەویش، کە لە شیشەی سەر درگای ژوورەکەی دەدا، نەما و هەموو شتێ لە تارییکی تەواودا نوقم ببوو، ئەوە جاری چەندەم بوو کە شەوانە کارەبا دەپچڕا؛ نەمدەزانی کەی دێتەوە، بۆیە هەستام و پەردەکەم لادا و پەنجەرەی سەر حەوشەم کردەوە، لە گەڵ کردنەوە پەنجەرە، بۆنە خۆشەکەی شەوانە لە ژوورەکە بڵاو بووەوە، هەمان بۆنی ئەو ئۆدکلۆنە ژنانەیەی، حەوت ساڵ بوو هەر شەو بۆنم پێوە دەکەرد. بەڵام ئەمجار زۆر سەیرتر، وەک ئەوە وابوو تەواوی ئۆدکلۆنەکەیان فیشاندبێت. ترس و دڵەڕاوکێی زۆر دایگرتبووم؛ نەمدەتوانی بزانم ئەو بۆنە لە کوێوە هاتووە، کاتژمێرێک تێپەڕیبوو بەڵام بۆن، تا بێت زیاتر و زیاتر دەبوو. هەستام و بە ڕووناکی مۆبایلەکەم خۆم گەیاندە جێگای ئۆدکلۆنەکە؛ لە جێی خۆیدا نەمابوو، هەموو کەلێن و قوژبنی ژوورەکە گەڕام هیچ ئاسەوارێک لە وردە شیشەش نەبوو؛ ڕۆشتمەوە بۆ لای پەنجەرەکە، بە بۆن مانگەشەو برێک ڕووناک بوو، پەشۆکاو و دەستەپاچە سەیری ئاسمانم کرد، لە دوور باڵندەیەکی گەورەم بینی کە ڕوو بە پەنجەرەکە دەهات، هەتا نزیکتر دەبوو گەورەتر دەردەکەوت، ویستم پەنجەرەکە پێوەدەم کە بە خێرایی خۆی بە ژوورەکەدا کرد، چاوانی ڕووناکی بڵاو دەکردەوە، هێندە نوورەکەی تیژ بوو کە چاوم بەرگەی بینینی نەدەگرت؛ کاتێ چاوم کردەوە ڕوخسارێک لە ژوور سەرم سەیرم دەکات؛ ڕوخسار هەمان ڕوخسار، بەڵام جەستەی پێوە نەبوو و لە گەردنیەوە ببوو بە باڵندەیەک. چەند جار تا توانیم زریکاندم بەڵام کەس بە دەنگمەوە نەهات، تەواوی گیانم لە جووڵە کەوتبوو؛ گوتی: بێدەنگ بە، کەس گوێی لە دەنگت نییە، لێرەیش کەس من نابینێ جگە لە تۆ. دەنگ هەمان دەنگ؛ هەمان زەردەخەنەی هەمیشەیی، لە ترسان بە خۆم دەلەرزیم بە گومان بووم، خەریکم خەو دەبینم، بۆیە بە زەحمەت هەستام و خۆم گەیاندە درگای ژوورەکە و هەڕام کردە هاڵەکە. هەموو شوێنێک تاریک بوو؛ سەیری کاتژمێرەکەم کرد پێنجی بەیانی بوو، خۆم گەیاندە دەسشۆرەکە، شێرەکەم بە زەحمەت دۆزییەوە و چەند مشتێ ئاوم بە دەم و چاومدا کرد؛ هەناسەیە قوڵم هەڵکێشا و گەڕامەوە بۆ هاڵەکە؛ نەمدەوێرا بگەڕێمەوە بۆ ژوورەکەم، بە خۆم دەگوت: ئێستا وەخەبەرم و تەواوی ئەو شتانەی دیتوومە خەون بووە، بەڵام ئەگەر خەون نەبووبن چی؟ لە لایەکیشەوە دڵم دەیهەوێ هەمووی ڕاستی بووبێ و دووبارە بیبینمەوە، لەوانەیە ئەم گومانەشم بەشێک بن لە خەونەکەم؛ لە بەر ئەوە گوتم: باشترە بگەڕێمەوە بۆ ژوورەکە و

ڕووبەڕووی ببمەوە؛ درگام کردەوە، لە سەر مێزی بەرامبەر دەرگاکە بوو، ویستم بگەڕێمەوە، بە دەنگێکی گڕی خنکێنراو گوتی: مەترسە من لە بەر تۆ لێرەم. بە لەرزۆلەرز گوتم: لە لەبەر من؟

- ئەرێ ئەوە حەوت ساڵی ڕەبەقە من دێم و دەتبینم بەڵام تۆ تا ئەمشەو نەتدەتوانی بمبینی.

- بەڵام ئەوان تەرمەکەیان پێ داینەوە و لە پەنای هاوڕێکانت لە گۆڕستانی گوڵان ناشتتمان.

- منیش نەمگوت کە زیندووم، من لە دنیای مرۆڤە باڵدارە لە داردراوەکان گەڕاومەتەوە، ئێمە هەر ڕۆژ سەردانی خۆشەویستانمان دەکەین بەڵام ئەوان ئێمە نابینن. ئیمشەو لە لایەن خودای مرۆڤە باڵدارە لە داردراوەکان، بڕیارێک دەرکرا؛ ئەو یەکەم مرۆڤی لە داردراوی نیشتمانە کە دوای مردنی بوو بە باڵندە. خودا گوتی: هەر کام لە ئێوە دەتوانن یەک کەس هەڵبژێرن کە ئەویش بتوانێ ئەنگۆ ببینێت، بۆیە بێ سێ و دوو تۆم هەڵبژارد؛ وردە وردە لێی نزیک بوومەوە و لە بەردەمیدا دانیشتم

- لەوە بە دوا تا ئەو ڕۆژەی لە خەیاڵتدا ببم دەتوانی بمبینیت. شەوانە هەستم بە بۆنی ئۆدکۆلۆنەکە دەکرد و دەهاتم.

لەو شەوە بە دوا ژیانێکی نوێم دەست پێکرد، ئێستا ناتوانم بۆ چرکەیەکیش لێی جودا ببمەوە. گوتم: پێم خۆشە خواوەندی مرۆڤە لە دار دراوەکان ببینم؛ دەیهەوێ ڕۆژێ لەم ڕۆژانە پێم بناسێنێت. دەڵێ خواوەندیش شەوانە بۆ لای خۆشەویستەکەی دەفڕێت...

• شەرمین ساڵحی



José António Fernandes Almeida

## «بانگم دەکەی: خانمی؟»

لۆقە بڵیندەکانم لە مافوورە سوورەکانی پلیکانەکانەوە هەڵدەخزێ، ڕانا (رعنا) بەهەناسە توونددیەوە زریکەی بەرز دەبێتەوە: " دەتوانی تۆزێ هێواش برۆیی خۆ ترامادوڵت نەخواردووە؟ " تەسبیحە شۆڕەکانی دایکم لە پاگردی سەرترەوە دەبینم ودەڵێم: "چاو ئەوەش دایکم" کە لا دەکەمەوە و تماشات دەکەم نیگات دەڵێ: ئەوە تسبیحە. ڕانا دوو پلیکان دواترمە و دەستی کوڕەکەی ڕادەکێشێ و دەنقێنێ: "ئەو هەمو پلیکانە واوەیلایە کەسێک نییە بڵی دایکە تا کەی تۆ واز ناهێنی لەو ماڵە؟" ئەو ماڵە، ئەو ڕێرەوە پڕ پێچ و پڵووچە نهێنی منەو کەس ناتبینێ ئەزیزم، نیگەران مەبە دواتر دەستم دەخزێنمە نێو پەنجەت بە حەیاریەوە دەڵێم: "ببینە ئەوەش دایکم، خڕو وردیلە و سۆزاوی بەڵام توندوتیژ." پێدەکەنی، لەوانەیە بە هۆی بەرئاورد کردنی دایکەکانمان بێت لە ناو مێشکت، دایکێکی ترامادوڵی و دایکێکی مرۆڤ منیش وێنایان دەکەم. - پلیکانی سەرتر تەشق و ئاوادمانی جلەکانی دایکم دەرکەوێت، هەناسەی ڕانا لە دواوەم هەست پێدەکەم و کوڕەکەی داوێنم دەگرێت. دایکم ئیدی تاقەت ناهێنێ و دوو هەنگاو دێتە خوار و باوەش دەگرێتەوە بۆم، سەیرت دەکەم باڵات بەشی ئەوە دەکات من و دایکم لەیەک سات دا لەباوەش گری، بەڵام ناوێستی لە ڕیی دایکم و سەر دەکەویە ژوور. دەبێ فێربی جارێتر وەکوو ئێمەی مرۆڤ هەڵسەوکەوت کەی، پێش گەورەتر نەکەوی و دایکی خۆشەویستەکەشت وەکوو دایکی خۆت لە هەمبەر بگری. بەپەلە خۆم لە ئامێزی دایکم ڕەها دەکەم و دێمە شوێنت و تاسانی دایکم نابینم لە ئاکارم. ڕانا سێ چوار پریسکە و لایلۆنی دەستی لەسەر ئۆپێنی چێشخانەکە دادەنێ و من لەژێر چاوەدێری تۆخی خۆیدا دەگرێ. دایکم کوڕەکەی ڕانا دەخاتە ئامێزی ودەپرسێ: "بۆ بەتەنیان ئەی هاوسەرەکانتان؟"ڕانا لەچکەکەی دەکاتەوە و دەیهاوێتە سەر کاناپەیەک: "هاتوون. ماشێنەکانیان پارک دەکەن " تۆ لەبەر پەنجەری هوڵەکە ، ڕووناکی کزی عەسرت پێدا لکاوە وەستاویی. قژی ڕانا وەکو شەوی دیجوور ڕەشە و من چاوم لێیە بێئارامی خەریکە هەڵت دەگرێ، بۆ لای ژورێکیتر ڕێدەکەوی و دەرگاکە لە پەشت سەرت بە هێمنی دەبەستی. ڕانا بە تابێکی نیلیەوە ڕوو بە ژورەکەی تۆ وەستاوە و کوڕەکەی لە داوێنیەوە ئاوێزانە و گڕوو دەگرێ. بیرم لای تۆیە، لە تاریکاییدا ماییەوە و ناشزانم ئاخۆ ئێوەش کە شەو دادێت چرا دادەگریسێنن؟ سەردەری دەرگا بە تاریکیەوە تماشای من دەکات. دایکم لە گەڵ هاوسەری من و ڕانا دەست لێدەاتەوە کە تازە ماشێنەکانیان لەپارگینگدا ڕاگرتووە و هاتونە سەر. ماڵ

لە ناکاو پڕ بوو لە قەرەباڵغی و دەنگی ئەخبار و منداڵەکانی ڕانا. هاتنی هەمووی ئەوانە و تەنیایی تۆ لەو دیو منی ئازار دەدا. ڕانا بە باوەشێک پاڵتۆوە بۆ لای دیوی تۆ دێت. دڵم دادەخورپێ، بۆچی بیرم نەکردوتەوە تائێستا؟ ئاخر چۆن بە ڕانام نەناساندوی؟ ئێستا بەو چاوە خریلانە ڕەشەی لەناو ژوری منداڵیمان تۆ ببینێ چی دەڵێت؟ هەر زوو دەزانێ پیوەندی بە منەوە هەیە. دەڵێت:" ئەوەتا تڕامادووڵ، دڵنیابوم شتێک هەیە!" ڕادەکەم پێشی پێبگرم ونەهێڵم بێت کە دەڵێت: " تۆ برۆ یارمەتی دایکم بە سفرەکە تەنیا دانەخات"

- چەند چرکە دواتر ڕانا دێتەوە ،باوەشی لە پەنا تۆ خاڵی کردووە و هیچیش نەیبینیویی. بێگومان تاقەتت بەسەر چووە و لە تەنیای ئەو ژوورە تاریکە بێزار بووی.گریمان وابێت، مەگەر خەتای منە؟ من لە کوێ بزانم تۆ لە حەبێکەوە دێیتە دەر و دەبیتە ڕاستی؟ دایکم سفرەکەی داخستووە و منیش قاپ و دەورییەکان دەچنم، ڕاناش سەوزیەکان دێنێت لەسەر سفرە دادەنێت. بۆنی چێشتی دایکم لەگەڵ گەرمای شومینەدا سەما دەکات. ئارەزوو دەکەم بێم و دەستت بگرم و بتناسێنم و بڵێم :" ئاغای ترامادوڵ! هاوسەرەکەم. هاوسەرم! ئاغای ترامادوڵ. "ئەو کات ڕاکەم خۆم لە پشت تۆدا حەشار دەم. نا، ناکرێت ئەوە بڵێم و تەسەورکەم هاسەرەکەم دەستی پێشخات و بڵێت "خۆشبختم":

- ڕانا بزیرێنێت و بڵێت:" ئاغای ترامادووڵ؟ "

- دایکم و شوەکەی ڕانا و منداڵەکان بەو پەری بێ بڕوایی و توڕەییەوە، پرسیارێکی سوور بزمار کەنە چاوم.

- خۆا بکات برسی نەبێت. ئەوەیکە ئەلان تۆ برسی و بێتاقەت لە نێو تاریکی چاوەڕێی منی شێتم دەکات. دایکم هەست بە بێ ئۆقرەییم دەبا و مێهرەبان تماشام دەکات. ڕانا لە نێوانمان دانیشتووە و بەغیرەوە دەڵێت: " نابرێتەوە هەمیشە هەر ..." هاوسەرەکەم دوو ئەنگوستی بە هێمایەکەوە بۆ شووی ڕانا بەرز دەکاتەوە. دایکم نێوان بژی دەکات و دەڵێت : "خواردنەکانتان سارد نەبێتەوە با "

- من لە ناکاو دەنگ بەرز دەکەمەوە ودەڵێم :" بەسی کەەەەن "هەموو سەریان بەرز دەبێتەوەو بە سەر سامیەوە سەیرم دەکەن. نافامن چ پەلەیەکمە! لەو کەوچکەی لە دەستما ماوەیەکە بە خاڵی ماوەتەوە، لەو چنگاڵەی لە پەنایەک دوور کەوتووە. لیوانێکی خاڵی بێ دڵۆپێک ئاو دەبم بۆ لێووم. نافامن ،تۆ لەتاریکی ئەو ژوورە تەنیا دانیشتوی. سفرە، نان ،چڵی جەعەفەری پەنا دەوریەکەم، هەموویان چاویان زەق کردۆتەوە من. بلووتی برنجەکە هەڵ دەگرم، دەمەوێ لە چێشتخانە برینج بێنم بەڵام بۆلای دیوەکەی تۆ دێم. کاتێک دەرگا دەکەمەوە دەبینم لەو تاریکیەدا، لەسەر مێزی موتالا

دانیشتووی و کتێبێک وەرەق لێدەدەی. دەبێ ئێوە باش لە تاریکی ڕاهاتبن، لە پشت سەرمەوە دەنگی قاقایەک بە تیزماڵکێکی نوورەوە دەخوشێتە ژوورەکەوە و تۆ وەئاگا دێنێت، تۆش بەهەمان شێوە پێدەکەنی. کوری ڕانا بە لۆمەوە بانگ دەکات: "ئۆی پوریٚ چندە بێ مێشکی، چێشتخانە خۆ لە و بەرنیە." گێژی زەردەخەنەکەت دگەرێمەوە و دەرگاش لەدوای خۆم نابستم، دەهێڵم وشەکان، کەوچەکەکان و بۆنی چێشتەکان و تاریکی لە هەناسەکانمەوە هەڵخزن و بمخنکێنن و هەرئێستایە خەفەبم. دایکم ڕادەکاتە لام و دەپرسێ :"چی روویداوە؟ تۆ بۆ نانت نەخوارد؟" وەرە ئێرە دانیشە کچم، هەمیشە پێتم کوتووە ئەوندە حەب مەخۆ، دواتر لە ڕانا مۆر دەبێتەوە. دەنگی هاوسەرەکەم بەرز ئەپژێتە گوێم وەلام نادەمەوە و دەڕومە رێڕەوەکەوە و لەوێوە ڕادەکەمە سەربان. کاتێک سەرمای دەریٚ قوت دەدەم دەتبینم کە تۆش هاتووی. هەموو ترسەکان و دڵشۆرە لەعنەتیکانیشم لەگەڵمدا هاتوون وەکوو مێروو لەگیانم سەردەکەون. پێکەنینێک دەچقێتە قورگم، بەدژواریەکی چاوەرێنەکراوە پێدەکەنم. رێک وەکوو حزووری تۆ لە ناو ئەو تاریکیە، لەو سەرما و تۆفەی عاسمانی ماڵی بابم. چەند هەنگاو لە لێوی سەربان نزیک دەکەومەوە، دەمەوێ لێرەوە هەموشتێک فرێدەمەخوار، هەمووشتێک. بانگم دەکەی: خانمی؟

• خەدیجە جاوید



Denis Phominov

## «بنێشت بژاردن»

لە دوو پاکەت بنێشتەکەی تەنیا چەند دانەی مابوو، ئەوانەشی فرۆشت و وردە وردە بۆ لای ماڵەوە بەڕێکەوت. لە تەنیشت دوکانەکانەوە کە تێدەپەڕی، گەیشتە کەباب فرۆشیەکە؛ تێر تێر بۆنی کردوو و دیسا بەڕێکەوت. لەناکاو لە ناو تەلەڤیزیۆنی یەکێک لە دوکانەکان وێنەی خۆی دەبینێ. پێداچوونەوەی یەکێک لە پڕۆگرامەکانی مانگێک پێش ئێستایە؛ کاتێک کاندیدەکان چەند ڕۆژ بەر لە هەڵبژاردن سەردانی خەڵکی بازاڕیان دەکرد، دروشمی یەکێک لەو کاندیدانە نەهێشتنی کار کردنی منداڵەکان بوو لەسەر جادەکان، کامێرایەکی بە دوووە بوو و دەگەیشتە هەر کام لە منداڵەکان بنێشتەکی لێ دەکڕی و دوو سێ پرسیاری قۆڕی لێ دەکرد و وێنەیەکی لەگەڵ دەگرت. پڕۆگرامەکە بوو بە ڕێکلام و ئەویش بەڕێکەوت بۆ لای ماڵەوە.

• ئەمیر سیراجەدین



Stanislav Novak

## «ئاڵ و شەوە»

دوای ئەوەی دادگای حکوومەتی شەوەکان، بڕوای بە بەڵگە و قسەکانم نەهێنا، بۆ مافی مانەوەم لە بۆشاییدا. پێیان گوتم: "بە تاوانی ئەوەی درۆت لەگەڵ کردووین، بەر لەوەی بتخەینە قەفەسی ئاڵەکانەوە و لێگەڕێین بتخۆن، دواقسەت چییە؟" منیش گوتم: "دوا قسەم ئەوەیە، بەبێ ئەوەی بڵێین بەسیکە، گوێ بۆ هێندێک لەقاودان و قەسەی نوێم ڕاگرن!"

- دەس پێ بکە!

- ئەو قسانەی کە ئێستا دەمهەوێ بیکەم، تا ئێستا لەترسان لەلای کەسم باس نەکردوون. تەنانەت لە دڵی خۆشمدا. ئێستا کە بڕیارە بمخەنە نێو قەفەسی ئاڵەکانتانەوە، مادم گیانم هیچ نرخێکی نەماوە، باسی دەکەم:"کاتێک لە زانکۆی زەنجان لەسەر ڕێکخستنی خۆپیشاندانێک دەریان کردم، بەهۆی کێشەی ماددیەوە نەمتوانی بلیتی پاس بکڕم تا لە زەنجانەوە بگەڕێمەوە بۆکان بۆ ماڵێ. حەفتەیەک دوای دەرکرانم خوێندکارەکان هەموویان بۆ پشووی نیوەساڵی خوێندن گەڕانەوە شار و ماڵەکانی خۆیان و، من بەتەنیا لە خەوتنگەی زانکۆ مامەوە، بەختم هەبوو بەڕێوەبەرانی خەوتنگەکەمان نەیاندەزانی دەرکراوم. لەو ماوەیەدا کە بە نایاسایی لە خەوتنگە دەمامەوە ڕووداوێکی سەیر و سەمەرەم بۆ هاتە پێشێ. بیهێننە پێش چاوی خۆتان: هەشت ڕۆژ بوو هیچ شتێکم نەخواردبوو، تەنیا لە سێ ڕۆژی یەکەمی ئەو هەشت ڕۆژەدا بڕێکم ئاو خواربووەوە و، لەو هەشت ڕۆژەدا شەو و ڕۆژ خەوتبووم؛ تەنیا چەن جارێک بۆ میزکردن و ئاو خواردنەوە هەستابووم.

شەوی ڕۆژی هەشەتەم، لە کاتێک دا کە لەنێوان خەو و بەخەبەری دابووم. دووکەس هاتنە ژوورەکەم و دوای ئەوەی بڕێک پێکەوە ورتەورتیان کرد، هاتنە سەر سەرم و دەستیان کرد بە پشکنینم، دەتگوت پشکنینی پزیشکیم بۆ دەکەن. هەرچیم کرد نەمتوانی چاوم هەڵهێنم، زمانیشم لەترسان لەزارمدا شکابوو. بەڵام گوێم و هەستەکانی دیکەم نەک هەر بە بەدرووستیی کاریان دەکرد، بەڵکوو چەند قات بەهێزتریش ببوون. یەکیان بە زمانێکی نامۆ پرسیاری لێ دەکردم و ئەوی دیکەشیان بەزمانی دایکیم پرسیارەکانی بۆ وەردەگێڕام. سەیرەکەی لەوەدا بوو، گوێم لە هیچ دەنگێکی زیندوو نەدەبوو، بەڵکوو هەموو ئەو پرسیار و قسانە لە زەینم دا ڕوویان دەدا. منیش هەر لە زەینی خۆم دا وەڵامم دەدانەوە. لێیان پرسیم: "تۆش پێت وایە ئێمە جێی مەترسین؟" نازانم بۆ هەر لەخۆڕاوە گوتم: "بەڵێ!" کەسە زمان نامۆکە گوتی: "بۆ ئاگاداریت تۆ دوای دوازدە ساڵی دیکە پەنا بۆ ئێمە دێنی و داوامان لێ دەکەی لە مەترسیی بتپارێزین." منیش گوتم: "بۆ ئێوە

کێن؟ ئێستا چیتان لە من دەوێ؟" گوتیان: "ئێمە لێکۆڵەرانی گەلی شەوەین، لە بۆشاییەوە هاتووین!" پێیان گوتم: "وادیارە ئەو کارەی تۆ لەماوەی ئەو هەشت ڕۆژەدا لەگەڵ خۆت کردووتە، تۆی لە مرۆڤبوون شۆردووەتەوا. کاتێک کامێرا تایبەتەکانمان ڕاپۆرتی ئەوەیان پێداین کە لەسەر زەوی بوونەوەرێکی بۆشایی لێیە، خێرا خۆمان گەیاندە تۆ، بۆ ئەوەی بزانین تۆ چی؟!" زۆریان پرسیار لێ کردم، دوای نزیک سێ سەعات پرسیار و وەڵام، پرسیارکەرە زمان نامۆکە گوتی: "دەچمە دەرێ پێوەندییەک بە سەنتەری بۆشاییەوە دەکەم و دێمەوە!" لەو ماوەیەدا تا پرسیارکەرەکە هاتەوە، وەرگێڕەکە کۆمەڵێک قسەی پچڕ پچڕ و بە پەلەی بۆ کردم، کەوا من هەر تەقەم لەسەر دەهات. گوتی: "من شەوە نیم، بە ڕەچەڵەک ئاڵم. دوای ئەوەی گەلی ئاڵ و شەوە پێکەوە بەشەڕ دێن و شەوەکان شەڕەکە دەبەنەوە، ئاڵەکان بەدیل دەگیرێن و لەقەفەسیان دەخەن؛ لە زیندان شەوەیەک زگی دایکم بە من پڕ دەکات و، شەوەیەکی دیکە منداڵە مردووەکەی خۆی ـ کە هاوکات لەگەڵ من لەدایک ببوو ـ دەدا بە دایکم و من دەدزێ بۆخۆی" وەرگێڕەکە دەیگوت: "دەبێ ئێوەی مرۆڤ یارمەتی ئێمەی گەلی ئاڵ بدەن تا لە دەست شەوەکان ڕزگارمان بێ. ئەوان منداڵدزن و ئێمەش دژەمنداڵدزینین، ئەگەر تا ئێستا ئێوەی مرۆڤ ئاوا زۆر بوون، بەهۆی ئێمەی گەلی ئاڵەوە بووە، ئێمە نەماندەهێشت شەوەکان بتان دزن، بۆیە ئێوە قەرزداری ئێمەن." هەروەها دەیگوت: "ئەو نەخۆشانەی لە بۆشایی چارەسەر نابن، منداڵی مرۆڤیان بۆ دەدزن و نەخۆشییەکانیان دەگوازنەوە بۆ منداڵە مرۆڤەکان و تا دەرمانێک بۆ چارەسەریی نەخۆشەکانیان دەدۆزنەوە، منداڵی مرۆڤەکە دەکەن بە مشکی تاقیگەیی. تەنانەت ئەو گەورانەی پەناشیان بۆ دەبن" تا شەوەکە هاتەوە، یەک دنیا زانیاریی سەمەرەی پێدام و، گوتی: "هیوادارم ڕۆژێک هەموویان لەقاو بدەی!"

ـ قسەکانت تەواو بوو؟

ـ بەڵێ!

ـ بە تاوانی ئەوەی دیسان درۆت لەگەڵ کردین و ویستت فریومان بدەیەوە، بەر لەوەی بتخەینە قەفەسی ئاڵەکانەوە، دواقسەت چییە؟"

ـ دوا قسەم ئەوەیە، بەبێ ئەوەی قسەم پێ ببڕن، گوێ بۆ هێندێک قسە و زانیاریی نوێم ڕابگرن!"

ـ دەس پێ بکە! بەڵام ئەمجارەیان چیرۆکێک بگێڕەوە باوەڕت پێ بکەین!

- چیرۆکی چی؟ هەمووی ڕاستی بوو! بەهەر حاڵ، ئەو قسانەش کە ئێستا دەمهەوێ بیانکەم تا ئێستا لەلای کەسم باس نەکردوون، تەنانەت لە دڵی خۆشمدا...

• ناسر فەتحی



JNV

## «زەین کوێر»

دووچەرخەی منداڵەکەم جار لەگەڵ جار چووکەتر دەبوەوە و، بەخۆم دەگوت: "ئێمە چیمان لە ئەوانگەڵ کەمترە؟"

• ناسر فەتحی




George(Geo) Bakster

## «کوردایز ٦٦٦»

باپیرەم چیرۆکبێژێکی باش و پیاوێکی خەیاڵبافە، هەموو ئێواران بۆمان باسی بوونەوەرەی عەجایب دەکات و چیرۆکی سەیر سەیرمان بۆ دەگەڕێتەوە. زۆربەی قسەکانی بە فاڵچیەکان دەچێ؛ هەمیشە لەسەر داهاتوو و ئایندە ئەدوێت و، وەک بڵێی لە شتێک بەخەبەرە کە ئیمە لێی بێ ئاگاین. یەکێ لە قسە هەرە باوەکانی، کاتێ دەبێتە باسی کورد و دەوڵەتی کوردی ئەوەیە: "ڕۆژێک کورد دەبێتە زلَ هێزترین هێزی جیهان و، تەواوی دنیا بەڕێوە دەبات!".

جەنگی جیهانی سێهەم دوو ساڵێکە دەستی پێکردووە و دوێنێ بە هەواڵێکی سەرسوڕهێنەر شەڕەکە وەستاوە و تەواوی جیهان لە شۆکێکی گەورەدایە. تەلەڤیزیۆنەکان باسی هێرشێکی ئاسمانی گەورە دەکەن لەلایەن بوونەوەرە ئاسمانیەکان یا ئەوانگەلەکانەوە!. بەپێ قسەی خەڵک؛ کۆمەڵێک بوونەوەری هاوشێوەی مرۆڤ، لە ڕۆژی ڕووناکدا لە پێش چاوی خەڵکەکە لە فڕۆکە پێشکەوتووەکانیان هاتوونەتە خوارەوە و بە خێراییەکی زۆر تەواوی سیستەمە ئەلیکترۆنیەکانی جیهانیان لەکار خستووە. بالآیان کورتە و سەریان گەورەیە؛ وەک ئەوەی تا ئێستا لەسەر "یووفۆکان" هەرچیمان خوێندبێ و وێنا کردبێ، لە چرکەیکدا ببێتە ڕاستی!.

دوو حەفتە لە کۆنترۆڵ کردنی زەوی لەلایەن بوونەوەرە ئاسمانیەکان دەگزەرێ و تا ئێستا دوو پەیامیان بڵاوکردووە. یەکەمیان: ئێمە لە هەسارەی "کوردایز ٦٦٦"ەوە هاتووین و مەبەستمانە بۆ ماوەی دوو سەدە لەسەر هەسارەی ئێوە دەست بە لێکۆلینەوە بکەین. لەم ماوەیەدا هیواداریین هیچ پێکدادان و توندو تیژەیەک لە نێوانماندا ڕوونەدات!.

دووهەم پەیامیان کە زۆر سەیرە ئەوەیە؛ بەپێ لێکۆلینەوەی ئەم یەک حەفتەیەمان بۆمان دەرکەوتووە کە ئێمە پێویستمان بە هاوکاری کۆمەڵە مرۆڤێکە بۆ بەڕێوەبەردنی ئەم هەسارەیە، کۆمەڵە مرۆڤێک کە سەر بە یەک نەتەوە بن. لەبەر دوو هۆکار ئێمە کوردەکانمان هەڵبژاردووە، یەکەمیان بە هۆی وێچوونی ناوی هەسارەی ئێمە و ناوی نەتەوەی کورد و ناوی وڵاتەکەیان. ئەم بابەتە بۆ ئێمە جێگای سەرنج و پرسیارە. هەندێک لە پسپۆرەکانمان پێیان وایە کوردەکان بە ئەسڵ هی ئەم هەسارەیە نین و تەنانەت دەکرێ لە دێر زەماندا لەگەڵ باوکانی ئێمەدا پەیوەندی و دۆستایەتیان هەبووبێ!. دووهەم هۆکار وێچوونی مێژوومانە؛ چونکە ئێمەش چەند سەدەیەک دەبوو لە ژێر دەستی کۆمەڵێک بوونەوەری داگیرکاردا بووین، کە دیار

نەبوو هی کام هەسارەن و سەر بە کام گالێکسین!. ئەوان لە درێژەی ئەم چەند سەدەیەدا تەواوی سامانە سروشتیەکانی ئێمەیان دزی و بە تالان برد. بەپێ لێکۆڵینەوەکانمان کوردەکانیش لەسەر ئەم هەسارەیە چەندین سەدەیە خاکەکەیان داگیرکراوە و تا ئێستاش نەیانتوانیوە وڵاتێکی سەربەخۆیان هەبێ!. هەر بۆیەش لە ئێستاوە تا کاتی چوونمان کۆنترۆڵی تەواوی زەوی دەسپێرین بە دەوڵەتی کوردی!.

ئەمساڵ سیهەمین ساڵە لەسەر کۆچی باپیرەمان دەگزەرێ و ئەمڕۆ کە ئەڵبوومی وێنەکانم هەڵدەدایەوە، بیری قسەکانی باپیرە کەوتم؛ لە دڵمدا دەمگوت: "ئەی کاش ئەو کاتە کە باپیرە زیندوو بوو زیادتر وەقسەمان هێنابا، دڵنیام قسەی زیادتری بۆ دەکردین لەسەر داهاتوو و ئەمڕۆکەمان...".

• ئەمیر سیراجەدین



Burkhard Schlee

## «شای ماران»

لە ماوەی ئەو نۆ ساڵەی خودایەتیم کرد; پێم بە قاڕ بوو; تەنانەت بۆ جارێکیش عەبدەکانم ماچ کەم!

خۆم ڕووت کردەوە; مەلێ بکەم. زاتی ئەوەم نەبوو; خۆم بە ئاوەکە دادەم. کاوە گوتی: بەدبەخت! مەلێ نەکەی; مەمکی دایکت دەسووتێ!



هیچ کامیان نەیاندەزانی; ئەمن خودام. ئێوارانە زوو دەچوومەوە. دەترسام خەڵک بمناسنەوە; دایمەودەرهەم پێموابوو ئەوە پێشاوبڕکم دەدەنەوە. ئەخە لە چاو منەوە هەموویان لەیەک دەچوون; هیچ جیاوازییەکیان نەبوو. هەموویان دەتگوت سێوێکنوو هەزاران لەت کراون! ڕەنگە هەر سێوەکەی حەوا بن. تەنیا بوونەوەری تاقانە و جیاوازی سەر گۆی زەوی منم. بەڵام کەس نازانێ! نازانن; من, زانستی دەرمانی گوڵە بەیبوون و بەڕۆنە و گۆزەرووم لە کوێوە هێناوە؟! نازانن; من,

لە خەڵوەت شای ماران دا, چۆنم ڕابواردووە؟!

شای ماران گوتی; کە چوویەوە بۆ دنیا, نهێنییەکانی دنیا مەدرکێنە! لە نێو هیچ ئاوێکیش مەلێ مەکە; دەنا پێستی لەشت وەک پێستی مار توێژ فڕێ دەدا; لە خودایی دەکەوی!

شای ماران لەبەر چاوم بوو; بەڵام لە بیر و زەینم دا, جێی نەدەبۆوە!

شای ماران گوتی; تەواوی ئەو ڕوحاناتە لە کونێکەوە لەدایک بوون; دوای چەن میلیارد ساڵێکیش هەر لەو کونە دا کۆتاییان پێ دێ! بە مەرگ, ڕوحی بەشەر نامرێ; بەڵکوو لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی دی سەفەر دەکا.

من لە چاڵی بیژەن دا, ئەوینی مەنیژەم لەبیر چۆوە; شای ماران دەرسی دادام!

• بیژەن ڕەحمانی

## «زیسان»

ساڵ سەرەتای بوو. خێڵ گوواستبوویانەوە بۆ زۆزان. تێکڕای پیاوەکان بە قەیخایشەوە گەڕابوونەوە بۆ گوند تا دوابنە بگوازنەوە. لەو کوێستانەڕا هەر بنەماڵەیەک بە ڕەشماڵەکانیان مەڕ و ماڵاتیان خستبۆوە بەین. شەوەزەنگ چون پیاوی ڕژد بەشی چاوێک ڕووناکی بۆ دنیا نەهێشتبۆوە. شاخ وەک گوێی بۆ نهێنییەکی خێڵ ڕاخستبێ کپ بوو. تەنیا دەنگێک سەرنجی ڕادەکێشا ژاوە و قیژەی ژنی چوارەمی قەیخا بوو لەبەر ژان کە لە ناو ئەو سیاچادرەدا و لە چیاکەدا دەنگی دەدایەوە. لەو سیاچادرەکانیتردا فزوولی خەوی لە چاوی خەڵک ڕەواندبوو. قیژەی نیان کچە سێزدەساڵە هەتیوەکەی ئەلەی گاوان گەیشتبۆوە لووتکە. سێ ژنی پیر و میانساڵ بە دەوریدا و دایانەیەک لەناو لنگیدا چاوەڕوانیان دەکرد تا یەکەم زیرەی منداڵێک قەیخا بکا بە باوک. بەپێچەوانەی ئەو ژنەکانی دیکەی قەیخا کە هەر زگیان نەکردبوو، ئەمە دووهەم زگی نیان بوو، کە ئەوان بە ڕقەوە چاوەڕوانی بوون. جاری پێشوو دووساڵ لەوە پێش لەو دەمەیدا پیاوەکانی گوند هەموویان بۆ خۆشکردنی خوێنێک چووبوون ژان گرتبووی. لەو کاتەدا هەر سێ هەوەکەی کە ئێستا بە دەوریدان، بۆخۆیان دەستبەکار ببوون. کەچی لەو ئانەدا بە هۆی کەم تەمنییەوە لە هۆش خۆی دەچێ و ئەو کاتەی بە ئاگا دێتەوە خەبەری دەدەنێ منداڵەکەی لەکیس چووە. واتا هەر لە ئەساسدا شتێک بە ناوی منداڵ لە کاردا نەبووە و ئەو پووچەڵەژان گرتوویەتی. ڕووداوەکە هێند جێی گومان دەبێ ماوەیەک لە ماڵی قەیخا هەرا دەنێتەوە.

نیان لەناو قیژە و پەلەقاژەی بێوچان خۆی لە نێوان هەوەکانیدا دەبینێتەوە. وەک سێ کوچکەیەکی بەدووم چواردەوریان گرتبوو. جارجارێ سەری بۆ پێشەوە بەرز دەکردەوە و دایانەکەی دەبینی. تا دەڕۆی ژان پتر دەیگرت. دەستەکانی موحکەم لە نەوگەکەی ژێری بەند کردبوو. قیژەی لە هەموو شاخەکەدا دەنگی دەدایەوە. هێندە قیژاندبووی کە ئیدی نای هاواریشی تیانەمابوو. لەو ساتەوەختانە بوو مرۆڤ کە دەگاتە لووتکە یەکسەر دادەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای خۆی. وەک کاتژمێرێک دەندەکانی بترازێن و لەسەر دوازدە بەربێتەوە. وەک ئەو ساتەی جغزی ژیان لە خولێکدا دەگەیێتەوە هەمان جێگای سەرهەڵدانی. دەستەکانی شل بوون. چاوە ئەبڵەقەکانی بە دەورووبەردا گێڕا. گوێی کپ و لێدانی دڵی هێور بووەوە. چیدی هیچ دەنگێک بەرگوێی نەدەکەوت. لە ناو هاڵاوی سیاچادرەکە و لەبەر ڕووناکی کزی قوتیلکەکەدا دیمەنی کەسێکی تازەی بینی. نەیزانی خەونە یان ڕاستی؟ ئایا وەهمی ئەو ژانەیە یان هەر بە جیددی

کەسێکیترە لەوێ دەرکەوتووە. دەعبایەکی کەڵەگەتی ڕەشتاڵەی تووکن بوو بە شان و پیلێکی قەبەوە. وەک ئەوەی تەنیا نیان ببینێ بێ مهیو بە ناو خێمەکەدا هاتووچووی دەکرد. دەتگوت ئەویش چاوەڕێی ئەو منداڵەیە. بە ئاکاریدا هەراسان دەردەکەوت. نیان کە ئێستا تای لێهاتبوو ئێجگاری داگیرا. زمانی نەدەهاتە گۆ. هەموو حازرانی خێمەکەی دەبینی. دەیزانی کەس لە بوونی ئەو دەعبایە ئاگادار نییە. بەڵام نەشیدەتوانی شتێک بڵێت و کارێک بکات.

ئێستا دەعباکە ئەیزانی نیان لە بوونی ئاگادارە. سەراسیمە هاتووچۆی دەکرد. نیان تەواو زەندەقی چووبوو. ڕەنگە هەستی بەوە کردبێ شەوە گرتوویەتی. هەموو شتێک تەماوی دەهاتە پێشچاوی. هات تکای تیا بکات نەیتوانی. ویستی هەستێ و لێی بپاڕێتەوە دەست و لاقی لە قەولی نەکرد. تەنیا سەر و چاوی دەجولا و بەوەش جووڵەی هەوەکان و ماماکەی خۆی دەدیت. چەندین جار بە هەموو توانایەوە ویستی هاوار بکات. تەواوی هێزی خۆی کۆ کردەوە، بە هەموو بوون و توانایەوە ویستی بقیژێنێ و خۆی لەو حاڵەتە دەروونییە ڕزگار بکات. بەڵام بێسوود بوو. لەپڕ دەعبا تووکن و چاوزەق و ڕەشتاڵەکەی لە پێشدەمی خۆی دیت. ئێجگار ترسا. هێند لێی نزیک بووەوە هەستی بە ترپەی دڵ و هەناسەی ئەکرد.

بەو چاوە دەرپۆقیوانە قەیرێک بە چاوە زراوچووەکانی نیاندا ڕاما. تەنیا شتێک کە لە هەردووکیاندا وەک یەک دەچوو نیگای ئاڵۆز و نیگەرانیان بوو. سەر و فەساڵی تووکنی لە گوێی نیان نزیک کردەوە. شتەکە لەوە ڕوونتر بوو ئێدی تێنەگات. هەناسەیان تێکەڵ ببوو. بە دەنگێکی گڕ و پڕ لە سۆز چرپاندی بە گوێیدا:

-دنیای ئێمەی ئاڵ کەی وەکوو ئەو دنیا پیسەی ئێوەیە نیان؟ کەی؟ تۆ خۆشبەختی کە ئێستا کوڕێکت لە دنیای ئاڵەکاندا هەیە. گەر من نەبوومایە ئێستا مردبوو. گەر من نەبوومایە کوشتبوویان! دڵنیا نیم ئەمەیان بەرم یان نا. بەڕاستی دڵنیا نیم.

قسەکانی دوودڵییەکی تەڵخی دایە نیان. حاڵەتێک دەژیا لە نێوان ئازار و ترس و بەدگومانی و دوودڵی. بەڵام نەدەبوو بێبڕیار بێت. هەر لەو کاتەوە ژان پتر گرتی. بە هەموو هێزی خۆیەوە چەند هاوارێکی لەسەر یەک کرد، بە جۆرێک کە بە هەموو چیاکەدا گەڕا و گەڕایەوە بۆ گوێی خۆی. دوا قیژەی هاوکات بوو لەگەڵ زریکەی منداڵێک. ئیدی دایانەکە منداڵێکی لیقاویی لە باوەش گرت و بۆ ساتێک لاواندی. یەک لە هەوەکانی نیان هەستا و ویستی لە باوەشی بگرێ و بیباتە دەرەوە.ئەو دوانی دیش تۆزێک بزووتن. لەپڕدا نیان بە زەحمەت و بە هەموو هێزی خۆیەوە هەستا و منداڵەکەی لە باوەش

گرت. هەر لەو کاتەدا ورینگەی چند پیاوێک لە دەرەوە حیکایەتی لە گەڕانەوەی قەیخا دەکرد. قەیخا بە خۆی و سمێڵە زلە ماش و برینجییەکەیەوە خێرا هات و لەبەردەم نیان بە چۆکدا دانیشت. نیان بە چەند فرمێسکێک لە سەر ڕوخساری کە تێکەڵەیەک لە ئازار و ترس و خۆشی بوون منداڵەکەی دایە دەستی قەیخا و وەک لەو ئانەدا بەتایبەت، قسەی بایەخی هەبێت  بە تکایەکەوە ڕوو بە قەیخا گوتی:

-با ناوی لێبنێین ئاڵە!

• موحسین سوبحانی




Reiner Piesker

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ۤۤ ۤ ًۤ ۤ ۤ,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = ٭]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆر، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (-ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "ھ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆر و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# چیرۆکی میوان

## «چارەنووس»

باوکم وتی "یا هی ئەوی، یا هی ئاو"

من مەلەم نەئەزانی.

## «حوکمی دڵ»

ژنەکەم تۆرابوو. مناڵەکەم کتێبی "شەڕ و ئاشتی"ی کردبوو بە دوو بەشەوە و هێنایە بەر دەستم.

- بابە! یەکیان هەڵبژێرە، هەرچەندە دڵنیام تۆ ئاشتیخواز نیت!

## «ئاوات»

مێردەکەم جوانە، جوانییەکەی هی منە. مێردەکەم دەوڵەمەندە، دەوڵەمەندییەکەیشی هی من ئەبوو ئەگەر ئالزایمری ببوایە!

• ڕەووف جیهانی

## «دواین نامەی جەنەراڵ»

بەر لە گەیشتنی نامەکەی جەنەراڵ کە هەموان بەتاسەوە چاوەڕوانیان دەکرد, بێدەنگی باڵی بەسەر یاندا کێشابوو, وەک چاوەڕێی فریاد رەسێک بکەن هەموان چاویان بڕیبووە ئەو رێگایەی خوار ئاوایی لە ناوچاوی هەرکەسێکیان رابمایتایە هەستت بەترس و نیگەرانییەکی زۆر دەکرد, نیگەرانی چارەنووس و ئایندە...

بەرلە بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە کەس لەبیری جەنەراڵدا نەبوو، وەلێ لەگەڵ داکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایەدا, تەواوی دانیشتووان جەنەراڵیان بەفریاد رەسێک دەهاتە پێش چاو, ئەوپەتایەی خەریک بوو قڕی دەخستە خەڵکەوە, زۆربەی دانیشتووان، سەرهەڵدانی ئەو پەتایەیان دەگێڕایەوە بۆ رۆحیانەتی فریادی کۆترباز, ئەو فریادەی بەرلەوەی لەلایەن شۆڕش گێڕەکانەوە گولە باران بکرێت: هەموان بەگومانەوە لێیان دەڕوانی و بەکەسێکی نمەک بەحەرام و ناپاک تێی دەگەیشتن, ئەویش رقی لە خۆیو تەواوی خەڵک دەبۆوە, وەلێ لە سپێدەیەکی هاویندا, دەستەیەک لە شۆڕش گێڕەکان هەڵیان کوتایە سەر ماڵی فریادی کۆترباز و بەزۆر لەژێر چنگی دایکە کزۆڵەکەیدا دەریان هێنا، ئەو ژنەی جگە لە فریاد کەسێکی تری شک نەدەبرد, بەدەم کروزانەوەوە دەیگوت:- توخوا فریادی تاقانەم بۆکوێ دەبەن توخوا فریادم لێ مەسێنن, قورئانەکەی دەستی بەرز دەکردەوەو دەیگووت:-ئەگەر فریادم لێ بسێنن...هەمووتان بەر نەفرەتی خودا دەکەون, هەمووتان لەناودەچن، لەگەڵ وتنی ئەم قسانەدا فرمێسک بەسەر روخساریدا شۆلاوگەی بەست, چاوەکانی سوور بوونەوەو لەهۆش چوو.

تا دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ, جگە لە ورتەورت هیچ کەسێک لەبارەی چارەنووسی فریادی کۆتربازەوە هیچی نەدەزانی, دایکی فریادیش بەهەرکەسێک بگەیشتایە پێی دەوت گەربێتوو کورەکەم شتێکی بەسەربێت, هەمووتان دەکەونە بەرنەفرەتی خودا, هەموان گاڵتەیان بەوجۆرە قسانە دەهات: ئێوارەیەکی درەنگ کە پەردەی تاریکی شەو بەسەر سرووشتا دادرابۆوە, لە دۆڵەکەی خوار ئاواییەوە دەنگی چەند دەستڕێژێک بیسترا، هاوارێک لە ماڵی فریادی کۆتربازەوە بەرزبۆوە, خەڵکێکی زۆر رژانە سەریان, پیرەژنەی دایکی فریاد, بەدەنگێکە نووساوەوە دەیگوت:-تکایە لەپەنا جەنازەی فریادی کوڕمدا بمنێژن، ئەی هۆزی نەفرەت لێکراو.

لەدوای ئەم قسانە گیانی لە جەستە ماندوو شەکەتەکەی جیابۆوە، وەلێ چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی لێک نەدەنا, وەک چاوەڕوانی دیداری کەسێک بێت, هەندێک کەس پێیان وابوو ئیدی

قسەکانی پیرێژنەکە دێنەدی، لەگەڵ کازیوەی بەیاندا چەند کەسێک روەو ئەو دۆڵە رۆیشتن کە ئێوارە دەنگی تەقەکانی لێوەهات, لەبن ئەو دوو دارەدا کە لە دۆڵەکەدا بوو جەنازەکەی فریادی کۆتربازیان دۆزییەوە, سەرتاپای بەخوێن سوور بووبوو, تەواوی جەستەی بەگولە کون کون کرابوو, جەنازەکەیان بردەوەو لەگەڵ جەنازەکەی دایکیدا کفنیان کردن و بڕیاریاندا هەر لەو جێیەدا بەخاکیان بسپێرن, ئەوجێیەی فریادی کۆتربازی لێ گولە باران کرابوو, لەدوای بەخاک سپاردنی ئەوان بۆ شەوەکەی کەسانێک باسیان لە نورێک دەکرد کە تەواوی دۆڵەکەی رۆشن دەکردەوە, کەسانێکی تریش باسیان لەوە دەکرد کە دوو تارمایی دێن و تەقە لە دەرگای ماڵان دەدەن و دیار نامێنن, ئەو کەسانەی ئەو تارماییەیان بینی بوو, گومانی ئەوەیان دەکرد, ئەوە رۆحیانەتی فریادی کۆتربازوو دایکی بێت, لە دوای چەند هەفتەیەک ئەو مەفرەزەیەی فریادیان گولەباران کرد، لە کارەساتێکی نادیاردا لەناو چوون, هەندێک کەس پێیان وابوو یەکێک لە شۆڕش گێڕەکان ناپاکی کردووەو لەکاتی پاسەوانیێتی خۆیدا هەڤاڵەکانی گولە باران کردووەو دواتر خۆی تەسلیم بە جەنەراڵ کردووە: کەسانێکی دیکەیش لەناوچوونی ئەو مەفرەزەیەیان دەگێڕایەوە بۆ نەفرەتی خوداو پەسەند کردنی نزاکانی پیرە ژنەکە لەلایەن خوداوە.

جەنازەکانیان ترس و دڵە خورپەی لە لای خەڵکی ئاوایی زیاتر دەکرد, کەمکەس هەبوو بوێرێت لە نزیک ئەو جەنازانەوە گوزەر بکات, ئەوانەیشی بەوێدا گوزەریان دەکرد دووچاری پەتایەکی کوشندە دەهاتن, خوێن لە دەم و لوت و گوێچکەیانەوە دەهاتە دەرەوە, هەر ئەو خوێنەی خۆیان دەبووە گیاندارێکی دڕندە, گیاندارێک لە شێوەدا لە مشک دەچوو وەلێ لە قەبارەدا هێندەی پشیلەیەکی لێ دەهات, ئەو گیاندارە دەکەوتە وێزەی مردووەکان و هەموو گۆشتەکەی دەخواردوو ئێسکەکەیشی دەکڕاندەوە: هەر کەسێک بەوێدا گوزەری بکردایە دەبووە خواردنی ئەو گیاندارانە.

لەگەڵ گەیشتنی نامەکەی جەنەراڵدا, تەواوی خەڵکی ئاوایی لە دەوری یەک کۆبونەوەو لە چاوەڕوانی ئەوەدابوون کەسێک زەرفی نامەکە هەڵچڕێ و نامەکە بخوێنێتەوە, ئەوان پێیان وابوو ئەو نامەیە دەتوانێت تەواوی کێشەکەیان چارەسەرکات, کەم کەس هەبوو بیری بەلای ئەوەدا بچێت...بەبۆچونی جەنەراڵ ژیان تاقیگەیەکەو لەو تاقیگەیەدا دەبێت کەسانێک ببنەقوربانی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکاندا.

لە سەرەتای نامەکەیدا ئامۆژگاری ئەوەی کردبووین، لەپێناو ئامانجە پیرۆزەکاندا ئامادەبین ببینە قوربانی, هەموان بەگومانەوە دەیانڕوانییە ئەو بۆچوونەی جەنەراڵ, ئەوێک لە پێناو هێنانەدی

خەونەکانیدا مەملەکەتێکی خاپور دەکردوو, چێژێکی زۆری لە کوشتنی دیلەکان دەبینی, گەلێک جار بەرلە کوشتنیان دەست و قاچی دەبڕینەوەو سەرمەستانە دەیڕوانییە ئەو فوارە خوێنەی لە جەستەی ئەتک کراوی قوربانییەکان دروست دەبوو, هەندێک جاریش دەبەیەک بەنزینی بەگیانی دیلەکاندا دەرشت و دواتر گڕی تێبەردەدان...سەرشێتانە لە دوادیمەنی گیان سپاردنیان رادەماو دەیدایە قاقای پێکەنین.

کەم کەس هەبوو لە بارەی دلڕەقی و بێبەزەیی جەنەراڵەوە چەند چیرۆکێکی نەبیستبێت, زۆر لە دایکان بەناوهێنانی جەنەراڵ منداڵەکانیان دەترساند...ئەگەرچی لە دڵی هیچ کەسێکدا خۆشەویست نەبوو, وەلێ وێنەکەی بەسەر دیواری زۆربەی ژوری ماڵەکانەوە هەڵواسرابوو: لە بەشێکی نامەکەیدا ئەوەی بەدرۆ دەخستەوە کە کەسێک لە شۆڕشگێڕەکان هەڤاڵەکانی گولە باران کردبێت و پاشان تەسلیم بەو بوبێتەوە, گومانی ئەوەی هەبوو لە یەکێک لەو کانیانەدا ئاویان خواردبێتەوە کە ئاوەکەی ژەهراوی کراوە.

گەلێک کەس چیرۆکی مردنی داپیرەی فریادی کۆتربازیان بیستبوو, فاتمی تاقانە ئەو پیرە ژنەی لە نیوەشەوێکی درەنگدا کاتێک دەچێت بۆ کانی تارماییەکی سپی دەبینێت لە کانییەکە دێتەدەر... بەپڕتاوو شپرزەیی بەرەو ماڵەوە هەڵدێت, بەبێ ئەوەی ئاوڕێک بۆ دواوە بداتەوە تا دەگاتە بەر دەرگای ماڵەوە هەڵدێت زۆر بە شپرزەیی دەکەوێتە دەرگا لێدان: کاتێک دەرگاکەی لێدەکەنەوە دەبینن لە هۆش خۆی چووە, باوەشی پیادەکەن و لەسەرجێگای خەوتنەکەی پاڵی دەخەن, پاش چەند ساتێک کەهۆشی بەبەردا دێتەوە جگە لەوەی لەبەر خۆیەوە دەڵێت:(خێوبوو...خێووبووو...خێووووو)

هیچی دیکەی لێنابیسترێت، توشی لەرزوو تایەکی قورس دەبێت، لە رۆژی سێهەمدا گیان لەدەست دەدات, لە دوای مردنی فاتمی تاقانە چیتر شەوان کەس نەدەچووە سەرکانی, لەوە دەترسان ئەگەر بچنە سەرکانی خێوەکە دەستیان لێ بوەشێنێ!؟ هەربۆیە گومانی ئەوەیان دەکرد خێوی کانیەکان دەستیان لەو پۆلە تێکۆشەرە وەشاندبێت!؟.

زۆر کەس پێیان وابوو نامەکەی جەنەراڵ ئەو ترس و گومانانە دەرەوێنێتەوەو لەو پەتا کوشندەیە رزگاریان دەکات, وەلێ لەگەڵ خوێندنەوەی نامەکەدا کەشێکی ترسناکتر دڵی هەموانی داگیر کرد, ئەو نامەیەی ئاشکرای دەکرد هەموو ئەو رووداوانەی روویاندا تاقیکردنەوەیەکی چەکە کۆکوژەکانە, جەنەراڵ ئاماژەی بەوە دابوو... کە دەبێت لەپێناو بەدەست هێنانی هەندێک شتدا قوربانی بەزۆرشت بدەین, ئەو ئێمەی وەک مشکی تاقیگەکان دەبینی, ئەوانەی نامەکەیان

خوێندبۆوە جگە لە هەڵاتن هیچ ڕێگە چارەیەکیان شک نەدەبرد, هەڵاتن تەنها ڕێگایەک بوو بۆ ڕزگار بوون لەو پەتا کوشندەیە... ئەو پەتایەی تاک و تەرا خەڵک لێی دەرباز بووبوون, زۆرێک لەوانەی کە پێیان وابوو بە هەڵاتن دەتوانن خۆیان بپارێزن، هەستیان بەگەرم داهاتنی لەشیان دەکرد و سەریان قورس دەبوو دەکەوتنە هێڵنج دان و ڕشانەوە, ئەمانەش نیشانە سەرەکییەکانی ئەو پەتایە بوون.

چەند کەسێک لەوانەی پێیان وابوو بە هەڵاتن دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن ڕویان دەکردە ئەو دارستانە چڕەی پشت ئاوایی, وەلێ ئەوەی ڕوی بکردایەتە ئەو دارستانە نەدەگەڕایەوە، زۆربەی ئەوانەی بەنزیکی ئەودارستانەدا گوزەریان کردبوو باسی ترسناکی ئەو گوزەرەیان دەکرد, هەندێکیش باسیان لە بینینی تارماییەکی سپی دەکرد, دەیان وت ئەو تارماییانە خێون... هەر بۆیە ئەو دارستانەیان ناونابوو دۆڵە خێوە: کەمکەس هەبوو لەبارەی ئەو کانییەوە، کە دەکەوتە خوار دۆڵە خێوە، چیرۆکێ ئەفسانەیەکیان نەبیستبێت, ئەو چیرۆکەی کە دەماو دەمی دەکردوو لەلایەن زۆر کەسەوە دەگێڕدرایەوە، چیرۆکی مەرگی کازمی وەنەوشە بوو, کازمی وەنەوشە یەکێک بوو لە گەنجە ئازاو بوێرەکانی ئاوایی, بەهۆی جوامێری و لەخۆ بردووییەوە زۆربەی خەڵکی ئاوایی خۆشیان دەویست, بۆیە پێشیان دەوت کازمی وەنەوشە, ئەوکچەی خۆشی دەویست ناوی وەنەوشەبوو ئەوکچە بەژن زراڤ و قەد باریک و چاوشینە, ئەو کیژە تاقانەیەی تەواوی جاحێڵان بەبینینی مەست و حەیران دەبوون, کازمی وەنەوشە لە قرچە قرچی نیوەڕۆیەکی هاویندا دەچێتە سەر ئەوکانیەو لەحەوزەکەی بەردەمیدا مەلە دەکات, لەکاتی مەلە کردندا هەست بە تێپەڕینی چەند تارماییەکی سپی دەکات بەتەنیشت کانییەکەدا, چەند ساتێک دوای ئەوە ترسێکی زۆر ناخی داگیر دەکات و ڕەنگی سپی دەبێت, کاتێک دەگاتە ماڵەوە چەشنی داپیرەی فریادی کۆترباز توشی لەرزێکی کوشندە دەبێت: دوای چەند کاتژمێرێک گیان دەسپێرێت, ئەوانەی تەرمەکەیان شتبوو باسیان لە چەند جێدەستێک دەکرد کە بەپشتی کازمی وەنەوشەوە بووەو جێدەستەکان شین هەڵگەڕاوە, ئەو جێدەستانەیان دەگێڕایەوە بۆ ئەوەی کە خێوەکان دەستیان لێ وەشاندبێت.

تا دەهات مەملەکەت چۆڵ و خامۆشتر دەبوو, تەواوی ئاوایی بوبوو بەئۆردووی کرم, کەسێک نەبوو تەرمەکان بەخاک بسپێرێت.. ئەو چەند کەسەیشی مابوون لە کەنارەکانی مەرگدا چاوەڕێی فریاد ڕەسێکیان دەکرد, جەنەراڵ لە سەربازگەکەیدا لەوێنەی ئەو تانجییانە ڕادەما کە لەبەرگی گۆڤارەکەی بەردەستیدابوو, ئەو تانجییانەی هەمیشە

وێڵن بەشوێن نێچیرێکداو دەیگرن و دەیهێننە بەردەم ئەو راوچییەی ماناکانی ژیان لە لولەی تاپڕەکەیدا دەبینێت, جەنەراڵ نیگاکانی دەگوێزێتەوە بۆ سەر وێنەکەی سەرۆک و لەبەر خۆیەوە دەڵێت:- بۆئەوەی ئەنجامێک بەدەست بێنیت دەبێت کەسانێک, گەلێک شت بکەیتە قوربانی.

بایەک دێت و ئاڵاکە رادەوەشێنێت... ئاڵاکە دەکەوێتە خوارەوە... جەنەراڵ تووشی لەرزوو تایەکی کوشندە دەبێت, بۆنی خوێن سەربازەکان رادەچڵەکێنێت.. پاش چەند ساتێک خامۆشی باڵی بەسەر سەربازگەکەدا دەکێشێت.

• عومەر کەریم بەرزنجی



Paolo Nino Cence

## «ئەم بێدەنگیە دەمکوژێت»

ئەبێت چەندجار بمریت بۆ ئەوەی هەموو شێوازەکانی مردن تاقیبکەمەوە، یاخود دەبێت تەمەنم چەندەبێت تا بتوانم فریای تاقیکردنەوەی ئەو هەموو شێوازانەی خۆکوشتن بکەویت، مەگەر حەزرەتی عیسا تەنها خەریکی زیندوو کردنەوەی من بێت، تکایە کەس داوای گێڕانەوەی چیرۆکی دنیایەکی ترم لێنەکات، چونکە فریای بینینی هیچ جۆرە چیرۆکێک نەکەوتم کە عیسا فەرمانی گەڕانەوەی رۆحم بۆ لاشەمی دەکرد.

بێدەنگی ڕەنگە جۆرێکبێت لە مردن، یاخود ساتێکبێت لە مردن، هەموو جارێک پێتدەگوتم ئەو بێدەنگیەت دەمکوژێت، دەتزانی خۆشم دەوێیت و هەمیشە خۆشەویستیت لە نیگای چاوەکانما دەخوێنیتەوە، دەتگوت بریا ئەو چاوە هەنگوینیانەت پێکێک شەرابی ژەهراوی بوایە تا لەگەڵ یەکەم نۆشینیدا بمکوژێت، چەند ساڵێک تێپەڕی و نەمزانی بۆچی نەمتوانی کۆتایی بەو بێدەنگیە بهێنم، زمانم لەئاست خۆشەویستیتا لەگۆدەکەوت، نەشم دەتوانی بە نووسینی چەند وشەیەک رازی دڵ بدرکێنم، تۆ رۆیشتی و فریای ئەوە نەکەوتم پێت بڵێم خۆشم دەوێیت، رۆیشتی و نەمتوانی ئەو نیگا شەرمن و پرلە خۆشەویستیە بۆهەمیشە لەیەک بنێم، دەزانم پێمدەڵێیت جورئەتی ئەوەت نیە کۆتایی بەو بێدەنگیە بهێنیت، دەزانم بێدەنگی جۆرێکە لە خۆکوشتن، وەلێ خۆکوشتنێکی سپی.


ڕەنگە ئەمە یەکەمین چیرۆک و دواهەمین چیرۆک بێت کە دەینووسم، ڕەنگە فریای نووسینیشی نەکەوم کە، لە پرۆسەیەکی خۆکوژیدا کۆتایی بە هەموو ئەو بەسەرهاتانە بهێنم کە دەمەوێت بۆتانی بنووسمەوە، لەوانەشە لەو پرۆسەیەدا ئێوەش لەگەڵ خۆمدا بەرم بۆ دۆزەخ، نیگەران مەبن ئەوێش زۆر ناخۆشنیە، ئەوەنیە هەرکەسێک دەڕوات ناگەڕێتەوە، نا نەخێر ڕەنگە ڕێگای گەڕانەوە پێنەزانن، یان ڕێگای گەڕانەوەیان لێونبووبێت، ئەشێ لەوێ ئەم چیرۆکەتان بۆ تەواوکەم، وەلێ ڕەنگە توانای گوێگرتنتان نەبێت چونکە لەوێ من مەحکومم بە قۆتەقاندنەوەیەکی هەمیشەیی چونکە بە خۆتەقاندنەوە خۆم و ئێوەشم کوشت، ئەی ناڵێن بە هەرچ شتێک خۆت بکوژیت بەهەمان شت سزا دەدرێیت، من نازانم لەگەڵ ناڵەی ئەو هەموو تەقینەوانەدا ئێوە چی دەکەن، من خۆم نیگەران نیم، چونکە دەمەوێت بەردەوام بمرم و زیندوو ببمەوە، دەمەوێت هەموو شێوازەکانی مردن ببینم و هەموو ڕێگاکانی مردن تاقیبکەمەوە، ئەگەر توانای ئەوەم هەبێت بۆ فەزڵی حەزرەتی عیسا دەگەڕێتەوە، چوونکە ئەو نەبوایە نەمدەتوانی ئەو ڕێگایانە تاقیبکەمەوە، یەکەم هەوڵی خۆکوشتنم

دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی هەشت ساڵیم کە لە حوجرە گەڕامەوە ویستم بە شمشێرەکەی حەمە دەروێشی دراوسێمان خۆم سەربڕم، شمشێرەکەم لەسەر گەردنم داناو هەستمکرد شلەیەکی سور کراسە سپییەکەم ڕەنگ دەکات، دوای کەمێک بەرچاوم ڕەش بوو، کە بەئاگا هاتمەوە تەنها جێگای زامی شمشێرەکەم بینی و هیچی ترم بەبیر نایەتەوە، نازانم حەمە دەروێش چاکی کردمەوە یان حەزرەتی عیسا، چونکە حەمە دەروێش دەیگووت من چاکم کردۆتەوە، وەلێ کەسانی دەوروبەر دەیانگوت نورێکی سپی کە بەرەو ئاسمان بەرزبۆوە چاکی کردیتەوە، هەموو پزیشکەکان نەیاندەزانی چۆن لە ناکاو لەسەر نەقالەکە بە مردوویی هەستایتەوە، ئەوەندەت خوێن لەبەر ڕۆیشتبوو خوێن لە لاشەتا نەمابوو، تەنانەت دوای چاکبوونەوەت پێویستی بەوە نەکرد کە خوێنت تێبکەن.

هەندێک لە پزیشکەکان هیچ لێکدانەوەیەکیان بۆ نەکردبوو، هەندێکیان بە جادوو ناویان بردبوو، هەندێکیشیان وتبوویان ئەمە تەنها پەرجویەکە لە لایەن خوداوە تا باوەڕبهێنین کە ئێمە تەنها هۆکارێکین بۆ چاکبوونەوە، نەک شیفادەر .

هەندێکیشیان کە گومانیان لە هەموو شتێک هەیە، تەنها بە درۆیەکی شاخداریان دەزانی یان بە سیناریۆی فیلمێکیان دەزانی، هەموومان بەشێک لە بەدگومانیمان تێدایە، هەندێکمان بە سانایی هەوری بەدگومانی دەڕەوێتەوە، هەندێکیشمان هەمیشە لە گومانداین، ژیان هەمووی زنجیرە چیرۆکێکە ڕەنگە فریای گێڕانەوەی نەکەوین، یان بەناتەواوی بیگێڕینەوە.

• عومەر کەریم بەرزنجی



Grzegorz Beńko



MJ Richardson